www.kurdistannet.org

12:06 23-9-2006بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# گەنجان ڕوو لەو ماڵانە دەکەن کە کاری لەشفرۆشی تێدادەکرێت لەشاری سلێمانی دەیان ماڵی لەشفرۆشی بەنهێنی کراونەتەوە.. ڕاپۆرت: ئاسۆ



بەهۆی بارودۆخی ئەمنی ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق خەڵکانێکی زۆر لەوناوچانەوە ڕوو لەهەرێمی کوردستان دەکەن بە پاساوی پاراستنی ژیانیان لە هەڕەشەی تیرۆر و کوشتن.

هەرچەندە لەنێو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردستان و لەسەر ئاستی شەقامیش حەملەیەك هەیە لەدژی هاتنیئەم عەرەبانە بەڵام دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێم سووربوون لەسەر ئەوەی کە ئیقامەی کاتی بدرێت بەو عەرەبە ئاوارانەی کە دێنە کوردستان، تا ئێرە ئاساییە کە حکومەتی هەرێم مۆڵەتی مانەوە بدات بەو کەسانەی هەڕەشەی کوشتنیان لەسەرە بەڵام دەبوو بەپێی یاسایەك و لەڕێگای کامپێکەوە جێگەو ڕێگەی بۆ دابین بکردنایە نەك ئەوەی بەناو گەڕەك و کۆڵانەکانی تێکڕای شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا بڵاوببنەوە و ببنە مایەی کێشەو گرفت بۆ دانیشتوانی کوردستان.

لەنێو ئەو خەڵکە عەرەبانەدا زۆر لە ئافرەتانی لەش فرۆش لەڕێی باندەکانەوە بەمەبەستی کاری سێکسی ڕوو لەکوردستان دەکەن ئەمەش هۆکارێکە بۆسەرهەڵدانی چەندین گرفتی تەندروستی و کۆمەڵایەتی، جگە لەوەش ئەم خەڵکانە دوورن لە هەموو چاودێرییەکی پزیشکی، گەنجانی کوردستان بەهۆی هەژاریی و دابونەریتی کۆمەڵایەتی کەپتێکی سێکسی زۆریان لەسەر و بەمەبەستی خاڵیکردنەوە ڕوو لەم ئافرەتانە دەکەن، ئێستا لەنێو زۆربەی گەنجاندا باس باسی ئەو ئافرەتانەیە.

جێگەی داخیشە لایەنی پەیوەندیدار بیریان لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە نەکردۆتەوە کە ڕەنگە لەداهاتوودا گرفتی زۆری کۆمەڵایەتی و تەندروستی لێبکەوێتەوە، ئەمە جگە لەوەی گەنجانی کوردستان لەڕووی داراییەوە زۆر هەژارن ئەم کارەش لێدانێکی ترە بۆ گیرفانی خاڵی لاوان.

لەپەیوەند بەم کێشەیەوە چەندین پرسیار دێنەگۆڕێ کەباشترین وەڵام بۆ پرسیارەکان گەنجان خۆیانن کە دەتوانن وەڵام بدەنەوە بۆیە لەم بەدوادا چوونەدا ڕای زۆر گەنجمان وەرگرتووە.

بۆچی کوڕان بیر لەهاوڕێی کچ ناکەنەوە تا لەکڕینی جەستەی کچە عەرەبەکان خۆیان قوتار بکەن؟ ئەمە ئەو پرسیارە بوو کە لەچەندین گەنجی تەمەن 16-30 ساڵم کرد.

سەرهەنگ تەمەن 24 ساڵ وتی: من خۆم ئەو کارەم کردووە و لەگەڵ چەندین کچی عەرەب و تورکمان و کوردی فەیلی دا ڕامبواردووە بەپارە بۆ هەر کچێکیش نزیکەی 30 هەزار دینارم داوە جگە لە بەخشیش بەدەلاڵەکەی کە ئەویش 15هەزاری تری ویستووە، بۆ وەڵامی پرسیارەکەشت دەتوانم بڵێم ئەم کارەیان باشترە لەپەیوەندیی بەکچانی خۆمانەوە لەبەرئەوەی کچانی ئێمە خۆشەویستی نازانن، کاتێکیش لەگەڵ کچێکی کورددا دەبیتە هاوڕێ تووشی دەیان گرفت دەبیت یان ئەوەی لەسەرەتاوە کچەکە داوای زەواجت لێدەکات، گەنجیش توانای زەواجی نییە نەخانوو دەکرێت نە ئایندەی ئەم وڵاتەش ڕوونە بۆیە ئەمە وەك چارەسەرێکی کاتی زۆر باشترە بۆ گەنجان.

سالاری تەمەن 28 ساڵ دەڵی: بیركردنەوە لە هاوڕێیەتی كچان زۆر باشە بەڵام تۆ ناپرسی كە هاوڕێیەتی كچێك دەكەی ئەی لەكوی قسەی لەگەڵ دەكەیت؟ لەكوی پیاسەی لەگەڵ دەكەی؟ جگە لەوەش كچانی ئێمە خۆیان هەڵگری یەك دنیا كێشەن، خۆ ئەگەر برای كچەكە یان باوكی بزانێت چی ڕوو دەدات؟ باشە كچەكە دەڵێت وەرە داوام ئەی بەچی دەیهێنی؟ خانوو دەگریت ئەی چۆن ژیانی دابین دەكەیت؟

برادەرێكم ژنی هێناوە مانگی 300 هەزار بەكرێی خانوو دەدات ئەمە جگە لە مەسرەفی هاتوچۆ، منداڵێكی هەیە جگە لەوەی مانگی دوو جار دەیبات بۆ عیادە بایی 90 هەزار دایبی بۆ دەكڕێت، هەردەم پێمدەڵێت قەت ژن نەهێنی و ئەو هەڵەیەی من كردم مەیكە، من خۆم زۆر حەزم لەتێكەڵاویی ئافرەتانە بەڵام ئیتر ئەوە واقیعی كۆمەڵگەی ئێمەیە، وەك خۆم لەگەڵ چەندین عەرەب ڕامبواردووە كە تەمەنیان لە نێوان 14-35 ساڵ بووە.

پێشتر لەگەڵ چەند برادەرێكدا دەچووین بۆ موسڵ كە ئەوی تەقینەوەی تیادروست بوو هاتوچۆی كەركوك – مان دەكرد، ئێستاش لەشارەكەی خۆماندا زۆرن سەرۆكەكانیان كوردن، من خۆم یەكێك دەناسم چەندین ئافرەتی لەلایەو ژمارەشمان دەزانێت كە تازەی بۆ دێت تەلەفۆنمان بۆ دەكات، لەڕاستیدا ئەم كارە بەدڕەوشتییە بەڵام چاریشمان نییە، من 28 ساڵ تەمەنمە ئەگەر ژیان وابڕوات تا 35 ساڵی ژنم بۆ نایەت، خۆ تەحەمولیش ناكەم لەوە زیاتر خۆم ڕابگرم.

لوقمان 26 ساڵ وتی: خۆشترین شتە، من هیوایەتم كاری سێكسییە، ئەم وڵاتە هەمووی سیاسەتە، هەمووی پارە خواردنە، هەمووی وێرانكردنە، ژن هێنان لەوڵاتی ئێمە خۆكوشتنە لەجگەرە خراپترە، حەقە دكتۆر بەگەنجان بڵێت ژن مەهێنن و جگەرە مەكێشن چونكە هەردووكیان هۆكاری سەرەكین بۆ نەخۆشییەكانی دڵ و سیل و سەرەتان و فوقدان زاكیرە، ئەمە جگە لە نەخۆشییەكانی خەمۆكی و هیستریاو قەلەقی، بەبڕوای من ئەم كارە باشترە، من لەگەڵ چەندین كچدا جنسم كردووە هەموویان عەرەب بوون پێشتر بەسەیارە دەمانبردن بۆ دەرەوەی شار بەڵام ئێستا لەماڵاندا دەیكەین.

بۆ یەك جار ڕابواردن 25 هەزار دەدەمە گەوادەكە و 10 هەزار بەخشیش دەدەمە كچەكە، جاری وا هەبووە پیاوی زۆریان لەگەڵ بووە و زۆربەیان داوای بەخشیش دەكەن بەوانیشم داوە.

ئەمە زۆر باشترە لە هاوڕێیەتی كچان، كچ لای ئێمە بەس بۆ قسەكردنە ئەگەر بتەوێت شتی دیكە بكەیت دەبێت بیخوازیت ئەوەش ماڵوێرانی بەدواوەیە.

گۆران تەمەت 30 ساڵ وتی: زەواجم نەكردووە چونكە بارودۆخی ئەم وڵاتە ڕێی نەداوم، ئەو كارە بەباش نازانم بەڵام زۆرم كردووە، ئەو كچە عەرەبانە هەر چۆنێك بێت كێشەیان بەدواوە نییە، هەر منیش ئەم كارە ناكەم بەڵكو زۆربەی گەنجان ئەم كارە دەكەن تەنانەت پێشتر هەر بۆ ئەو كارانە دەچوون بۆ سوریاو لوبنان.

*قسەی ئەم گەنجانە تاڕاددەیەكی زۆر ڕاستی تێدایە بەڵام ئایا ئەم حاڵەتە ڕەوایی دەدات بەكاری بەد ڕەوشتی؟ ئایا پەیوەندیی لەگەڵ ئافرەتی لەشفرۆش كێشەی تەندروستی و كۆمەڵایەتی بەدواوە نییە؟ ئایا ئەو بڕە پارەیەی لەو كارەدا دەیدەن لاوان تووشی گرفتی ئابووریی ناكات؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە چەند گەنجێك بەمجۆرە وەڵامیان دامەوە:

ئەكرەم 27 ساڵ وتی: بەڕاستی وایە ئەمە بەدیل نییە، بەمە زیاتر ماڵی خۆت وێران دەكەیت، بەڵام خۆ كەسیش گوی لە گەنج ناگرێت، من تا ئێستا سی جار تووشی نەخۆشی سووزەنك بووم جگە لەوەی لەماوەی 3 ساڵدا 35 گەڵام داوە بەكاری سێكسی و لەگەڵ 64 كچدا ڕامبواردووە لە ئەنواع شێوە:

لەتەمەنی 16-40 ساڵی، لەقەڵەو و زەعیف، بچكۆلەو باڵابەرز، زۆرجار بیردەكەمەوە پەشیمانم لەبەرئەوەی ئەو كارەی كە دەیكەین دوای 10 دەقیقە لەزەتی نامێنێت، بڕوا بكە من كچێكم

خۆشدەویست یەکجار ماچم کرد لەزەتی هەر 64 کچەکەی دەهێنا بەلآم خاریجییەکی نەعلەتی لەمنی کردو هێنای.
بێستوون 24 ساڵ وتی: من لەگەڵ نزیکەی 90 کچی عەرەب و کورد ڕامبواردووە، خۆم کاسبم ماوەی چوار ساڵە لەگەڵ ئافرەتی عەرەب ئەو کارە دەکەم، بەڵی لێی پەشیمانم، بەلآم بەهۆی کەسابەتەوە نەمتوانی بخوێنم، جگە لەوەش مەسرەفی خێزانێکم لەسەر شانە، باوکم لەشەڕی ناوخۆدا کوژرا، ئەرکی ژیانی خێزانەکەم کەوتە سەرمن، خۆم بووم بە قوربانی براو خوشکەکانم تا ئێستا داوای عیلاقەم لەزیاتر لە 100 کچ کردووە، دوای کچان کەوتووم لەبازاڕەوە تا ماڵەوە بۆئەوەی پێم ڕازی بێت کەچی بەمن ڕازای نابێت!
نازانم هەر لەبەرئەوەی نەخوێندەوارو هەژارم؟ بەخوا وایە ئەگەر مۆنیکات پی نەبێت بەتەمای ئەوە مەبە کچ پێت ڕازی بێت.
*ئەوەی تێبینی دەکرێت گەنجان زۆر بەشەفافی وەلآمی پرسیارەکان دەدەنەوە و پی لە ڕاستییەکان دەنێن، هاوکاتیش باس لەوە دەکەن کە لەژێر فشارێکی زۆری کۆمەلآیەتی و ئابووریی و کلتووریی دان و کەسیش بەهانای لاوانەوە نەهاتووە بۆیە لاوان بۆ پڕکردنەوەی ئارەزووەکانیان ڕێگاو شێوازی تر دەدۆزنەوە کە بەداخەوە زیانی زۆر لەئایندەی لاوان دەدات